## بانگەوازی ڕێکخراوە کوردییەکانی هۆڵەندا بۆ خۆپیشاندان دژ بە لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ سەر کوردستان

**پارت و ڕێکخراوە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیە کوردستانیەکانی چالاك لە هۆڵەندا**

**کوردستانیانی بە پەرۆش بۆ چارەنووسی نیشتمان , وڵات پارێزانی کورد پەروەر**

وەك ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆڤایەتی , لە پێناو داکۆکی لە سەروەرییەکانی کوردستان و پاراستنی سەر و ماڵی هاونیشتمانیانمان , وەك چۆن لە ڕابردوو ڕەوەندی کوردی لە هۆڵەندا هەمیشە دەستپێشخەر بووە , ئەمجارەش بێدەنگ نابێت لە ئاست هەڕەشەی ڕژێمی کەماڵیستی تورکیا بۆ سەر کوردستان .

بەمشێوەیە ئاگاداری هەموو لایەنە سیاسی و کۆڕو کۆمەڵە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان و هاووڵاتییە وڵاتپارێزەکان دانیشتووی وڵاتی هۆڵەنداو دەوروبەر دەکەینەوە , بە نیازین دژ بە لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ سەر کوردستان بە بەشداری هەموولایەکتان خۆپیشاندان ساز بکەین , لە داهاتوودا کات و شوێنی خۆپیشاندانەکەتان پێ ڕادەگەیەنین .

هەر پارت و ڕێکخراو و کەسایەتیەك دەیەوێت بەشداریبکات لە سازدانی ئەم خۆپیشاندانە تکامان وایە پەیوەندیمان پێوە بکات ,یاخود هەر لایەنێك بە نیازی خۆپیشاندان و چالاکی بوونە ئەوا ئێمە ئامادەی کاری هاوبەشین لە گەڵ بەڕێزیان .

**بزوتنەوەی ریفراندۆمی کوردستان – هۆڵەندا**

**ناوەندی کوردی زوتەرمیر**

**کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان- کۆمیتەی هۆڵەندا**

**تیمی ئازادی**

**ماڵی کورد لە ئارنهێم**

**کۆمەڵەی کورد لە دێڵفت**

**ناوەندی ڕاگەیاندنی کوردی سوریا-هۆڵەندا**

**کۆمەڵەی کەلتوری کوردی ( نەورۆز)لایدن**

**یەکێتی ژنانی کوردستان-هۆڵەندا**

**یانەی کوری میدیا**

**ئنجومەنی گە نجانی میدیا**

**ناوەندی چاك –هۆڵەندا** www.chak.be

chak_org@yahoo.com
s.mahmood@wanadoo.nl
0616455481
0626951120